IOM
UN MIGRATION

# پوختەی سیاسەتی کارکردنی پرۆگرامی کاروکاسبی بژێوی ژیان، ژمارەی ٧

## ناسەقامگیری ناوچەیی و بوژانەوەی ئابوری لە عێراق

ئاداری ٢٠٢٤



Funded by the European Union

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پرۆگرامی بژێوی ژیان لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە لە سەرانسەری عێراق جێبەجێدەکات. لە ڕێگەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)ەوە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ یارمەتی پڕکردنەوەی بۆشاییەکان دەدات لە دەستراگەیشتن بە سەرمایەی دارایی بۆ کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان، باشترکردنی بوژانەوەی بەردەوام لەو کاریگەرییە درێژخایەنانەی کەبەهۆی شەڕ وململانێیەکان بەریانکەتووە و، پاڵپشتیکردنیان بۆ خۆ گونجاندن و هەڵکردن لەگەڵ کەش و هەواو و هەوڵەکانی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی. ئەم ڕاپۆرتە بەشێکە لە زنجیرەی پوختەی سیاسەتەکانی کارکردن و هەوڵدەدات زانیاری لەسەر پرسە زەق و بەرچاوەکانی پەیوەست بە بوژانەوەی ئابوری ناوخۆی لە عێراقدا بڵاوبکاتەوە.

# خستنەڕووێکی گشتی

عێراق بەردەوامە لە ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتی و ئاڵنگارییە گەورەکان، ئەمەش لەڕێگەی بوژانەوەی ئابوری بەردەوام و چارەسەرە هەمیشەییەکانی ئاوارەبوون. تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) وادەخەمڵێنێت کە نزیکەی ١.١ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی (IDPs) و ٤.٩ ملیۆن گەڕاوە هەیە (IOM, 2023a). سەرەڕای چەند ساڵێک لە بەرەوپێشچوون، زۆرێک لە ئاوارە و گەڕاوەکان بەردەوامن لە ژیانکردن لە دۆخ و گوزارنێکی نائاسایی و ناستاندارد و ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بەکار و کاسبی بژێوی ژیان. بۆ نموونە، تازەترین هەڵسەنگاندن لە پارێزگای سەڵاحەددین ئەوەی دەرخستووە کە لە ٧٤٪ی ئاوارەکان و لە ٤٢٪ی گەڕاوەکان سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان نییە (IOM, 2023b). لە سەرانسەری عێراق دا و بە تایبەتی لە باشوور، ئەم زەحمەتی و ئاڵنگاریانە بەهۆی کەمبوونەوەی بەردەستبوونی ئاو و زیادبوونی سوێربوونی ئاو بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا زیاتر و ئاڵۆزتر دەبن. تێکچوونی ژینگە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کەمکردووەتەوە و هۆیە سەرەکییەکانی دەستکەوتنی داهاتی ماڵە گوندنشینەکانی کەمکردۆتەوە، ئەمەش پاڵی بە زۆرێک لەو خێزانانە ناوە بۆ ناوچە شارییەکان کۆچ بکەن (IOM, 2023c). شۆکی شەڕ و ململانێیەکان و گۆڕانی کەشوهەوا بوونەتەهۆی زیادبوونی ڕێژەی هەژاری لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا گەیشتە ٢٥٪ (IMF, 2023a).

ئابوری وڵاتەکە بەزۆری پشتی بە کەرتی نەوت بەستووە، لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەگشتی بەرهەمی ناوخۆی بە ڕێژەی ٧٪ گەشەی بەخۆیەوە بینیووە، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و ڕێکخستنەوەکانی بەرهەمهێنانەوە بووە (بانکی جیهانی، ٢٠٢٣a). بەڵام کەرتەکانی دیکەی نانەوتی، بەتایبەتی کشتوکاڵ، بەشێکی بەهۆی زیاتر کەمبوونی ئاوەوە وەستاون کە ئەمەش پەیوەندی بە گۆڕانی کەشوهەوا و کەلێن و بۆشاییە ماوە درێژەکانی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی و ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە هەیە، ئەمانەش تواناى کێبرکێی بازرگانی کار و بزنسەکان کەمدەکەنەوە. کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان زۆربەی دامەزراندن و خستنە سەرکار لەخۆ دەگرن لە کەرتی تایبەت و نوێنەرایەتی یەکێک لە داینامیکیترین و پڕجموجۆڵترین کەرتە ئابوورییەکان دەکەن، بەڵام ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە و سەرچاوە داراییانەی کە بۆ فراوانکردنیان پێویستن.

ناسەقامگیری جیهانی و ناوچەیی بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا و قەیرانی ئیسرائیل و غەززەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئابوری و بازرگانی عێراق هەبووە. ئەم شەڕ و ململانێیانە بوونەتە هۆی هەڵاوسانی بەرچاو لە نرخی نێودەوڵەتی نەوت و خۆراک (FRED, 2023; Trade Economics, 2023). توێژینەوەکان دەریدەخەن کە مەترسی جیۆپۆلەتیک نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر وەبەرهێنان و خستنەسەرکار دەبێت لەو شوێنانەی ڕاستەوخۆ بەشدارن لە شەڕ و ململانێکان و لەو وڵاتانەشی کە دراوسێیانن (Chi-Wei Su et al., ٢٠١٩; Caldara and Iacoviello, ٢٠٢٢). هەروەها شەڕ و ململانێی ناوچەیی کاریگەری نەرێنی لەسەر بازرگانی دووڵایەنە هەیە، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆش بەشدار نین لە شەڕکردنەکاندا (Saeed, 2013).

ئەم دەرئەنجامانە ئەوە پیشاندەدەن کە بەردەوامبوونی ناسەقامگیری ناوچەیی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئابوری عێراق دەبێت، کە ئەگەری هەیە داهاتی نەوت زیاد بکات بەڵام زیاتر کەرتەکانی دیکەی نانەوت دەپووکێنێتەوە. بەهۆی زیادبوونی ناسەقامگیرییەوە، بەئەگەری زۆرەوە متمانەی بازرگانیش کەمدەکات و نامێنێت.

پەرەسەندنی گرژییەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی هەڕەشە لە سەقامگیری عێراق و ڕێچکەی بوژانەوە و بەهێزبوونەوەی ئابوری دەکات. بەڵگە بەهێزەکان جەخت لەسەر گرنگی سەقامگیری ئابوری گشتی و فاکتەرە ئابورییە بەیەکەوە گرێدراوەکان دەکەنەوە وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ و ململانێکان (Bazzi and Blattman, 2013). ئەو وڵات و گەلانەی دوای شەڕ و ململانێ ڕێژەی گەشەکردنیان سست بووە، مەترسی دوو هێندە زیاتر مەترسیان لەسەر هەیە کە بگەڕێنەوە ناو شەڕ و ململانێکانەوە، بە بەراورد بەو وڵاتانەی کە ڕێژەی گەشەسەندنی بەهێزیان هەیە (UNDP, 2008). چین و توێژە ئابوری لاواز و کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگە، لەوانەش ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەهۆی ئاوارەبوونی پەیوەست بە شەڕ و ململانێ و بەهۆی تێکچوونی ژینگەوە زیانیانبەرکەتووە، ڕاستەوخۆ دەکەونە بە کاریگەری نەرێنی شۆک و دابەزینی ئاستی ئابوری. بۆیە، ڕێگریکردن لە کەڵەکەبوونی ئەم شۆک و دابەزینانە لە پێش هەموو شتێکەوەیە بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی پاشەکشە لە بوژانەوەی وڵاتەکەدا.

لەماوەیەکی کورت مەودا دا، دەبێت هەوڵ و کۆششەکانی سیاسەتی کارکردن بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی ناسەقامگیری ناوچەیی لەسەر بوژانەوەی کەرتی تایبەت لە عێراقدا بێت، بە جەخت خستنە سەر و گرنگیدان بەو ناوچانەی کە کار و کاسبی بژێوی ژیانیان بەهۆی شەڕ و ململانێی ڕابردوو و تێکچوونی بەردەوامی ژینگەوە پەکی کەوتووە. بەردەوامبوونی پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق ڕووەو ئەم ئاراستەیە زۆر گرنگە. لە ڕووی ستراتیژی درێژمەودا دا، پێویستە عێراق هەوڵی جێگیری و خۆراگری ئابوریەکەی بدات. ئەم هەوڵانەش بریتین لە کەمکردنەوەی پشتبەستن و وابەستەی بە نەوت لەڕێگەی هەمەچەشنکردن و هەمەجۆرکردنی ئابوری و هاندانی گەشەپێدانی کەرتە جیاوازەکان، لەوانەش تەکنەلۆژیا، کشتوکاڵی خۆگونجێن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و کەرتی بەرهەمهێنان. بۆ هەبوونی کەرتێکی تایبەتی بەهێز، ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەباری بازرگانی کەتیایدا هاندانێکی زیاتری هەبێت بۆ وەبەرهێنان، شتێکی زۆر گرنگە. لەکەرتی کشتوکاڵدا، وەبەرهێنانکردن لە ئەنجامدانی ئیش و کارەکان بەشێوەیەکی خۆراگر و درێژخایەن بن زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێکچوونی خاک، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی تەکنیکەکانی پاراستنی ئاو و بەدارستانکردنەوە و بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە بەدەستبهێنرێت. پێویستە دەزگا و دامەزراوە و حوکمڕانی بەهێز هەبێت بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری درێژخایەن، لەوانەش سیستەمی شەفاف بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی عێراق و ئەو سیاسەتەکانی کارکردن کە گەشەی ئابوری بەردەوامدەکەن و دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات بەشێوەیەکی یەکسان.

# زەحمەتی و ئاڵنگارییەکانی بەردەم بوژانەوەی ئابوری لە عێراق دا

هێشتا عێراق بەدەست دەرهاویشتەکانی شەڕی دەیان ساڵەی وڵاتەکەی دەناڵێنێت. دوایین خەمڵاندنەکان ئاماژە بەهەبوونی ١,١ ملیۆن کەسی ئاوارە ناوخۆی و ٤,٩ ملیۆن کەسی گەڕاوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووی خۆیان دەدەن، ئەو کەسانەش زۆربەیان بەردەوامن لە ژیانکردن لە دۆخ و گوزەرانێکی ناستاندارد دا (IOM, 2023d). ژمارەی ئاوارەکان لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٥دا گەیشتە لوتکە و زیاتر لە ٣.٣ ملیۆن کەس بوو، ئەمەش پێش ئەوەی تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣ بە شێوەیەکی بەردەوام ڕوو لە دابەزین بێت بۆ زیاتر لە ١.١ ملیۆن کەس. لەو کاتەوە ژمارەی گەڕاوەکان بە بەردەوامی زیادیکردووە و تا مانگی نیسانی ٢٠٢٣ گەیشتووەتە نزیکەی ٥ ملیۆن کەسی گەڕاوە.

زۆرێک لە ئاوارەکان و گەڕاوەکان ڕووبەڕووی ناسەقامگیری ئابوری دەبنەوە، چونکە پشت بە داهاتی نارێکخراو یان کار کاسبی و بژێوی کشتوکاڵی دەبەستن و، دەستڕاگەیشتنیان بە ئاو و خزمەتگوزارییە گشتییەکان سنووردارە، ئەمەش وایان لێدەکات ڕووبەڕووی شۆک و لاوازی ئاستی ئابوری ببنەوە. بۆ نموونە، لە پارێزگای سەلاحەددین لە ٧٤٪ی ماڵە ئاوارەکان و لە ٤٢٪ی ماڵە گەڕاوەکان سەرچاوەی داهاتیان ناجێگیرە (IOM, 2023b). دەرئەنجامی هاوشێوەش لەپارێزگای نەینەوادا بەدیکران، کە لە ٧٧٪ی ماڵە ئاوارەکان و لە ٦٢٪ی ماڵە گەڕاوەکان سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتیان نییە (IOM, 2023e). کێشە و نیگەرانی سەرەکی بریتییە لەوەی کە ئەم دانیشتووانە لەڕووی ئابورییەوە لاواز و کەمدەرامەتانە لە بەرانبەر شۆک و دابەزینە نەرێنییەکانی ئاستی ئابوری خۆڕاگرییەکی ئەتۆیان نییە. زۆربەی ئاوارەکان و گەڕاوەکان پاشەکەوتیان نییە بۆ ئەوەی ڕێگری پێ لە زیانەکانی نەبوون و نەمانی داهات یان بەرزبوونەوەی نرخەکان بکەن. لە نەینەوا تەنیا لە ١٤٪ی ماڵە ئاوارەکان و لە ٢٢٪ی ماڵە گەڕاوەکان گوتیان کە توانای خەرجیەکی چاوەڕواننەکراویان دەبێت، لەکاتێکدا لە سەلاحەددین لە ١٨٪ی ئاوارەکان و ٢٣٪ی گەڕاوەکان ئەم توانایەیان هەبوو.

کەرتی نەوت نزیکەی لەسەدا ٩٠ی داهاتی حکومەت پێکدەهێنێت لە عێراق (بانکی جیهانی، ٢٠٢٢a). لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وایکرد کە عێراق گەشەی ئابوری بە ڕێژەی لەسەدا ٧ لە بەرهەمی ناوخۆیی هەبێت کە بەهۆی کەرتی نەوتەوە بووە (بانکی جیهانی، ٢٠٢٢a). بە قۆستنەوەی دەرفەتی زیادبوونی داهاتی کەرتی نەوت، حکومەتی عێراق ڕەزامەندی لەسەر فراوانکردنی بودجەکەی بۆ بڕی ١٥٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی دەربڕی بۆ دابینکردنی بودجەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و پرۆژەی ژێرخانییەکان و خەرجییە گشتییەکان کە هی بەکاربردن و حەقدەستن (IMF, 2023b; Coface, 2023). بەڵام هەڵاوسانی نرخ و ترسی جیهانی لە هەرەسی ئابوری ڕێگری لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نەکردووە. لە ساڵی ٢٠٢٣ دا سەرەرای زیادبوونی خواست لەسەر نەوتی عێراق لە وڵاتانی هیندستان و چینەوە، داهاتی نەوت بە ڕێژەی ٣٢٪ دابەزیوە، ئەمەش وایکردووە کە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی کەمبێتەوە (Mikkelsen, 2024; IMF, 2023a).

لە کاتێکدا عێراق پشتبەستنێکی قووڵی بە کەرتی نەوتەوە هەیە، خراپی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمی ئاو بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی و دابەزینی ئاستی کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان لە ساڵی ٢٠٢٢دا (World Bank, 2022a).

هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە بوونە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٣٥,٠٠٠ کەس لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠٢٢، کە وادەخەمڵێندرێت لە ١٥٪ی دانیشتوانی ناوچە زیانلێکەوتووەکان بن (IOM, 2023a; IOM, 2023f). عێراق ڕووبەڕووی گۆڕانێکی زۆر سەخت و دژواری کەشوهەوا و ئیکۆلۆژی/ژینگەیی بووەتەوە، توێژینەوەیەکی ئەم دواییەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) دەریدەخات لە ٨٢٪ی ئەو شوێنانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە ڕووبەڕووی وشکەساڵی و خۆڵبارین دەبنەوە، لەپاڵ ئەمانەش دا، پرسەکانی وەک کەمی ئاو و تێکچوونی خاک تادێت زیاتر و بەربڵاوتر دەبن. نزیکەی هەموو شوێنانەی کە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا ئاماژەیان بە لەدەستدانی بەرهەمی دانەوێڵە، مردنی ئاژەڵ یان کەمبوونەوەی بەرهەمی ماسیگرتن کردووە بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی  بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوڵاتیان واز لە ئیش و کارە کشتوکاڵییەکان و ئاژەڵداری و ماسیگرتن بێنن. لە لە ٧١٪ی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان، زۆربەی ماڵەکان چیتر ئەم کار و پیشانە ناکەن. سەرەرای ئەم زەحمەتی و ئاڵنگاریانەش، هێشتاش پاڵپشتیکردنیان کەمە، تەنیا بەشێکی کەم لە شوێنەکان یارمەتی وەردەگرن.

لە عێراق نزیکەی لە٨٣٪ی دانیشتووان لە کەرتی گشتیدا دامەزراون و کاردەکەن، کە یەکێکە لە بەرزترین ڕێژەکان لە جیهاندا (KRSO, CSO, ILO, 2022). کەرتی تایبەت بەهۆی دەیان ساڵە شەڕەوە سنووردار بووە، کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان ڕووبەڕووی بەربەستی دارایی و بیرۆکراتی/قۆرخکاری بوونەتەوە لەبەردەم فراوانکردن و بەفەرمیکردنیان دا. لە ئەنجامدا زۆرجار کۆمپانیا تایبەتەکان دەکەونە نێو کەرتی نافەرمی کە لەسەدا ٥٤.٨٪ی کۆی دامەزراندن و خستنەسەرکار پێکدەهێنێت. ئەم شێوازەی خستنەسەرکار، بە تایبەتی لە کەرتی تایبەتی گەشەنەسەندوودا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی بێکاری لە نێوان گەنجاندا نزیکەی دوو هێندە زیاد بکات (٣٦٪)، بە بەراورد بە تەواوی دانیشتووانی دیکە کە لە (١٦,٥٪) بوو لە ساڵی ٢٠٢٢ (ILO, 2023).

## ئاڵنگاری و زەحمەتی ١: ناسەقامگیری ناوچەیی

قەیرانی ئیسرائیل و غەززە بووەتە هۆی زیاتر جەمسەرگیری لە ناوچەکەدا و نارازیبوونی چەند وڵاتێکی عەرەبی و موسڵمان بەرانبەر بە ئیسرائیل (Alshamary and Huggard, 2023). دەکرێت ئەمەش گرژییەکان لە وڵاتانی دراوسێدا زیاد بکات و هاوپەیمانییە ناوچەییەکانی ئێستا بگۆڕێت. ACLED کە سەرچاوەیەکی سەربەخۆی زانیارییە لەسەر ڕووداوەکانی شەڕ و ململانێیەکان لە سەرانسەری جیهان، ڕایدەگەیێنێت کە زیادبوونی بەرچاوی تەقینەوە و حاڵەتەکانی ڕووداوی توندوتیژی لە دوورەوە بە لە (+٢٥٥٪)، توندوتیژی پەیوەست بە شەڕ (+٣٤٪)، نارەزایەتی (+٥٣٪) و ئاژاوە (+٤٧٪) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چارەکی سێیەم تا چارەکی چوارەمی ساڵی ٢٠٢٣ هەبووە. لەگەڵ ئەوەی دەکرێت زۆربەی ئەمانە بدرێتە پاڵ کێشەی ئیسرائیل و خاکە داگیرکراوەکانی فەڵەستین، بەڵام تەواوی ناوچەکەش دوو هێندە زیادبوونی نارەزایەتی و نموونەکانی توندوتیژی لەدوورەوەی بەخۆیەوە بینیووە. لە عێراق، ژمارەی تەقینەوەکان و حاڵەتەکانی توندوتیژی لەدوورەوە لە نێوان چارەکی سێیەم و چوارەمی ساڵی ٢٠٢٣ بە ڕێژەی لە ٥١٪ زیادیکردووە، بەشێکیشی لە ئەنجامی پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و گروپە چەکدارەکان بووە، لەنێویاندا بزوتنەوەی حزبوڵڵای نوجەبا، کاتایب حزبوڵڵا و یەکەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی. نارەزایەتییەکانیش لە هەمان ماوەی ئەم ساڵەدا بە ڕێژەی لە ٥٨٪ زیادیکردووە لە عێراق دا (ACLED, 2024).


دەکرێت پەرەسەندنی گرژییەکان لە ناوچەکەدا بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە ئابوری عێراق زیاتر ناسەقامگیر بکات بە سستکردنی وەبەرهێنانی بیانی و ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لەو وڵاتەدا. سەرەڕای ئەوەش، پشتبەستن بە ئێران بۆ دابینکردنی کارەبا و گاز کە لە ٤٠٪ی پێداویستییەکانی کارەبای عێراق پێکدەهێنن، دەبێتە زیاتر لاوازی عێراق لە هەمبەر ئەو دۆخە ناوچەییەی کە ڕووە و هەڵکشانە (Wahab and Ross, 2023).

قەیرانی ئیسرائیل و غەززە بارودۆخێکی مرۆیی کارەساتباری دروستکردووە، کە ١,٩ ملیۆن کەس کە دەکاتە نزیکەی لە ٨٥٪ی دانیشتوانی غەززە، هەر لە ناوخۆی غەززەدا ئاوارەبوون (United Nations, 2024). پێدەچێت ئەم قەیرانە مرۆییە گرژی بخاتە بەردەم هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان سەرچاوەکانی ناوچەکە. عێراق کە هەر خۆی کێشەی ئاوارەبوونی ناوخۆی هەیە و میوانداری پەنابەرانی سوریا دەکات، بۆیە دەکرێت سەرەنج و چاوەکان لەسەر عێراق دوورەکەنەوە و ڕووەو غەززەبن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەمەش کە لە ئێستا دا کاریگەری لەسەر ئەو یارمەتییانە دەبێت کە بۆ پەنابەرانی ئێستا و ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق هەن. لەسەر ئاستی جیهانی، سیستەمی مرۆیی ڕووبەڕووی فشارێکی بێ وێنە بووەتەوە بەهۆی فراوانبوونی بۆشایی و کەلێنی نێوان بودجە و زیادبوونی ئاستی پێویستییەکان، کەمبوونەوەی بڕی ٤,٥ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە هاوکارییە مرۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٣دا وایکردووە داواکاری و خواستە پێویستەکان بە بەجێهڵدراوی و بەجێبەجێنەکراوی بمێننەوە (Barnett and Walker, 2015).

# زەحمەتی و ئاڵنگاری ٢: بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک

ئاستی هەڵاوسان لە عێراق ڕووی لە زیادبوون کرد دوای بڵاوبوونەوەی پەتا و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دا هەڵاوسان گەیشتە لوتکە، ئەمەش کاتێک بانکی ناوەندی چەند ڕێککارێکی جێگیرکردنی نرخەکانی گرتەبەر (IMF, 2023c). تا ساڵی ٢٠٢٢ ڕێژەی هەڵاوسانی عێراق لە ٥٪ بووە، پێشبینیدەکرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٤ زیاتر سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت (شێوەی ١). بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وایکرد کە بانکی ناوەندی بتوانێت بەهای دیناری عێراقی بەرز بکاتەوە و ئەمەش بووە هۆی دابەزینی بەهای دۆلار لە بازاڕی نافەرمیدا. نرخی نێودەوڵەتی خۆراکی ڕۆڵێکی سەرەکی لە هەڵاوسان هەبووە، بەوپێیەی عێراق پێداویستی هاوردەکردنی خۆراکی زۆری هەیە، تێکچوون و خراپبوونی زنجیرەی دابینکردنی ئەو خۆراکانە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان (FAO, 2023).

شێوە ١: ڕێژەی هەڵاوسان لە عیراق




سەرچاوە: سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ٢٠٢٣b. ئەم هێڵکارییە ڕێژەی هەڵاوسانی عێراق نیشاندەدات لە ساڵی ٢٠١٣ تا ٢٠٢٣


شەڕی ئۆکرانیا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بازاڕە جیهانییەکانی خۆراک هەبووە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر وڵاتانی وەک عێراق دروستکردووە کە زۆر پشت بە هاوردەکردنی کشتوکاڵی دەبەستن. یەکێک لە دەرئەنجامە دەم و دەستەکانی ئەو شەڕ و ململانێیە، نەمانی دابینکردنی دانەوێڵە بووە. ئۆکرانیا هەناردەکاری سەرەکی گەنم و دانەوێڵەکانی دیکەیە و شەڕەکە توانای هەناردەکردنی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمکردووەتەوە (WFP, 2022a). وێنە مانگی دەستکردەکان دەریانخست کە بەرهەمهێنانی گەنم لە ئۆکرانیا دوای جەنگ کەمبووەتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بازرگانی جیهانی و نرخەکان هەبووە (Lin et al., 2023). کەمبوونەوەی گەنم لەسەر ئاستی جیهان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا سەرەکییەکان بووەتە هۆی پەرەسەندنی نەمانی ئاسایشی خۆراک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Yazbeck et al., 2022).

عێراق بەشێکی بەرچاو لە دابینکردنی خۆراکەکەی هاوردە دەکات و لە مانگی ئازاری ٢٠٢٢ەوە ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی نرخ بووەتەوە، بەتایبەتی لە خۆاردنە سەرەکییەکانی وەک گەنم و ڕۆن و چێشتلێنان (WFP, 2022b). ئەم دۆخە فشارێکی بەرچاوی خستۆتە سەر خێزانە عێراقییەکان، کە هەرخۆیان پێشتر و پێش شەڕ و ململانێ لەگەڵ زەحمەتی و ئاڵنگارییە ئابوورییەکان و نائاسایشی خۆراکدا دەجەنگان (Ramani, 2022). ئەو کۆمەڵگانەی کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە، لە ڕووی کار و کاسبی بژێوی ژیان و ئاسایشی خۆراکەوە ڕووبەڕووی لاوازی و کەمدەرامەتی دەبنەوە. لە سەلاحەددین نزیکەی لە ٦١٪ی ئاوارەکان، لە ٣٩٪ی گەڕاوەکان و لە ٤٩٪ی ماوەکان پارەی پێویستیان تەنیا بۆ خۆراک هەیە (شێوەی ٢). جگە لەوەش، گەڕاوەکان زۆرترین ژمارەی بەشداریان هەیە کە توانای خەرجکردنیان سنووردارە، تەنانەت بۆ خۆراکیش لە (٢٦٪) (IOM, 2023b).


دەرئەنجامی هاوشێوەش لە نەینەوادا بەدیکرا، کە لە٣٣٪ی ئاوارەکان و لە٣٦٪ی گەڕاوەکان تەنیا پارەی پێویستیان بۆ خۆراک هەیە، لەکاتێکدا لە٤٩٪ی ئاوارەکان و لە٢٩٪ی گەڕاوەکان ناچارن خەرجییەکانیشیان سنووردار بکەن تەنانەت بۆ خۆراکیش (IOM, 2023e). هەروەها زۆرێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی خانەخۆی ڕووبەڕووی لاوازی ئابوری دەبنەوە، کە لە ئەنجامدا کێبڕکێ لەسەر خستنەسەرکار و سەرچاوەی دیکەی دەستکەوتنی داهات دروست دەبێت کە دەکرێت ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر تەبایی کۆمەڵایەتی هەبێت لەو کۆمەڵگەیانەی کەبەهۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە.

شێوەی ٢: باری دارایی خێزانە عێراقییەکان لە پارێزگاکانی سەڵاحەددین و نەینەوا، عێراق

سەڵاحەددین




نەینەوا




سەرچاوەکان: IOM, IOM 2023b, 2023e


عێراق ناچار بووە بەدەم بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک بێت بەگرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر هاوڵاتیانی (Ramani، 2022). بۆ کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر هاووڵاتیان، عێراق هەڵسا بە پێدانی یارمەتییەکانی پێدانی گەنم (ئارد) و ڕۆنی چێشتلێنان. هەروەها حکومەت مانگانە بڕی ٧٠ دۆلاری ئەمریکی بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت دابێنکرد بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی تێچووی ژیان. سەرەڕای ئەم هەوڵانە، دۆخەکە هێشتا قورسە، هەندێکجار نرخی خۆراک دوو هێندە زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی و نارازیبوونی گشتی لە چەند ناوچەیەک لە سەرتاسەری وڵاتدا (Zidane، 2022).

کاریگەری دوورمەودای شەڕی ئۆکرانیا لەسەر ئاسایشی خۆراکی عێراق تا ئێستاش نادیارە و ڕوون نییە. پێداچوونەوە بەنێوئەدەبیاتی ئەم بابەتەدەریخست کەچەندتوێژینەوەیەک ئەوەیان نیشانداوە کە نائاساییشی خۆراک بە شەڕەوە بەستراوەتەوە (بڕوانە Martin-Shields and Stojetz (2019) پێداچوونەوە). پێدەچێت عێراق و ئەو وڵاتانی دیکە کە پشت بە هاوردەکردنی دانەوێڵە دەبەستن بەردەوام ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببنەوە لە دەستەبەرکردنی پێداویستی خۆراکی گونجاو. دۆخەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە عێراق بەدوای سەرچاوە و ستراتیژی جێگرەوە بۆ ئاسایشی خۆراک دا بگەڕێت، لەوانەش بەهێزکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆیی و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەی کە بەهۆی پچڕانی زنجیرەی دابینکردنی جیهانییەوە دروست دەبێت.

# زەحمەتی و ئاڵنگاری ٣: ناسەقامگیری لە بازاڕی جیهانی نەوت دا

هەردوو قەیرانی ئیسرائیل و غەززە و شەڕی ئۆکرانیا کاریگەرییان لەسەر بازاڕی نێودەوڵەتی نەوت هەبووە، کە لێکەوتەی بەرچاوی بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت وەک عێراق لێکەوتۆتەوە (Zhang et al., 2024). شەڕ و ململانێکان بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا بەهۆی نیگەرانییەکان لەسەر پچڕانی دابینکردنی نەوت. لە ساڵانی پێشوودا، دوای پەتای کۆرۆنا، لە ساڵی ٢٠٢٠ نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی، بەڵام لەگەڵ بوژانەوەی بازاڕدا، نرخەکەی بەرە بەرە بەرزبووەوە (شێوەی ٣). نرخی نەوت ئاستێکی بەرزی ناجێگیری بەخۆیەوە بینیووە کە لەم ساڵانەی دوایدا ئاست و ڕێژەوی ئەم ناجێگیریەی گەیشتە لوتکە.

شێوەی ٣: نرخی نەوتی خاو




سەرچاوە: scimonocE gnidarT. Crude Oil WTI نرخی نەوتی سوکی تێکساس

عێراق وەک وڵاتێکی گەورەی هەناردەکاری نەوت، خۆی لە دۆخێکی ئاڵۆزدا بینیەوە. لە لایەکەوە بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی نەوت کە دەکرێت ببێتە هۆی زیادبوونی داهاتی هەناردەکردنی نەوتەکەی، کە ئەمەش بۆ ئابووری عێراق زۆر گرنگە، بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنی زۆری بە نەوت بۆ داهاتی نیشتمانی. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم سوودە بەهۆی زیاتربوونی ئاستی ناجێگیری و نادڵنیایی لە بازاڕی جیهانی نەوتدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو.

ناجێگیری نرخی نەوت دارشتنی دارایی ئاڵۆزتر کرد، لەبەرئەوەی حکومەت خۆی کێشەی هەبوو لەگەڵ هەڵاوسانی داهاتەکاندا لە سەر ئاستی بازارەکانی جیهان کە هەستیارە بە ڕووداوە جیۆپۆلیتیکییەکاجواگرافییە-سیاسییەکان. هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی نەوت تێچووی کاڵا هاوردەکراوەکان زیاد دەکات، ئەمەش ڕۆلی هەیە لە دروستکردنی فشارەکانی هەڵاوسان لەناو وڵاتدا (Appiah-Otoo, ٢٠٢٣). ڕاگرتنی هاوسەنگی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی لە ئیستغلالکردنی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نیقمەت یان نیعمەتێکی ئەو سەرچاوە سروشتیانەیە (Sachs and Warner, 2001). ئەدەبیاتی ئەم بابەتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە وڵاتان پێویستیان بە دامەزراوەی بەهێز و حوکمڕانی باش و چوارچێوەی سیاسەتی پراکتیکی کارکردن هەیە بۆ ئەوەی سامانی سەرچاوە سروشتییەکان، وەک نەوت، بکەنە نیعمەتێکی بەردەوام نەک نیقمەت (Van der Ploeg, 2011). پێویستە حکومەت هاوسەنگی لە نێوان سوودەکانی زیادبوونی داهاتی نەوت لەگەڵ سەختی بارودۆخی دارایی دانیشتووانەکەی بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان و گۆڕانی کەشوهەواوە تووشیان دەبێت ڕابگرێت. عێراق ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبوونەوەی داباران و زۆربوونی خۆڵبارینی چڕ دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ و تەندروستی گشتی دەبێت (Adamo et al., 2015). گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر کار و کاسبی بژێوی ژیان هەیە، هەڵسەنگاندنەکانی ئەم دواییە پێشنیازی ئەوە دەکەن کە زۆربەی ماڵە گوندنشینەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ئێش و کار و کاسبی کشتوکاڵیان کەمکردووەتەوە (IOM, 2023c; IOM, 2022) دۆخەکە جەخت لەسەر بێهێزی و لاوازی عێراق دەکاتەوە بەرانبەر بە شۆک و گۆڕانی دەرەکی لە بازاڕی نەوتدا و تیشک دەخاتە سەر پێویستی هەمەچەشنکردنی ئابوورییەکی (Jacobsen et al., 2023). هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی بەرهەمی ناوخۆیی زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری دارایی دوورمەودا، بۆئەوەی عێراق توانای بەرگەگرتنی گۆڕانکارییەکانی داهاتووی بازاڕی جیهانی هەبێت. هەوڵەکانی حکومەت بۆ هەمەچەشنکردنی ئابوری، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی جێگرەوە و ڕەخساندنی هەلی کاری بەردەوام وایانکردووە حکومەت ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی زیادبوون و پشت بەستنێکی زیاتر بە کەرتی دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان ببێتەوە (World Bank, 2022b).

# کۆتایی و ڕاسپاردەکان

ناسەقامگیری ناوچەیی و جیهانی، بەتایبەتی کاردانەوەی قەیرانی ئیسرائیل و غەززە و شەڕی ئۆکرانیا، هەڕەشەی تێکدانی بوژانەوە و گەشەسەندنی ئابووری عێراق دەکات. پەرەسەندنی گرژییەکانی عێراق کە پەیوەندییان بە هەڵسوڕێنەر و دینامیکی شەڕ و ململانێی ناوچەییەوە هەیە، ئەوە نیشاندەدات کە وڵاتەکە ئەگەری بەرکەوتەی بە پڕیشکی ئەو شەڕ و قەیرانانە هەیە.

نائارامی و ناسەقامگیری جیۆپۆلەتیکی (جوگرافی-سیاسی) مەترسی لەسەر متمانەی بازرگانی و لەسەر وەبەرهێنانکردن لە لایەن کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکانەوە هەیە، کە زۆربەی خستنەسەرکاری کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی هەلی کار لە عێراقدا لە دەستی ئەوان دایە. لەهەمان کاتدا بەرزبوونەوەی جیهانی نرخی خۆراک و کەلوپەلی سەرەکی، کاریگەری نەرێنی لەسەر بەکاربەرانی عێراقی هەیە. ناجێگیری نرخی نەوت دوای زیادبوونی داهات لە ساڵی ٢٠٢٢، سنووردارابوونی پشتبەستن بە کەرتی دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی فراوانبوونی داراییەی بەمەبەستی ڕێگریکردن لە گۆڕانکاری و شۆکەکان نیشاندەدات (IMF, 2022).

کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانە بەیەکداچوو و بە شێوەیەکی زۆر توند لەلایەن چین و توێژە کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگەدا پەیوەست بەیەکترەوە دەردەکەون، لەنێویشیان دا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە بوژانەوەن لەو زیانانەی کەبەهۆی شەڕ و ململانێکانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ بەریانکەتبوو، لەگەڵ ئەو ماڵە گوندنشینانەی کە بارێکی قورسی گۆڕانی کەشوهەوایان لە ئەستۆ گرتووە. سەرەڕای بەرەوپێشچوونەکانی ئەم ساڵانەی دوای بەرەو گەیشتن بە چارەسەری هەمیشەی ئاوارەبوون، زۆرێک لە ئاوارە و گەڕاوەکان بە بەردەوامی دەستیان بە کار و کاسبی بە بژێوی جێگیر ناگات. هەروەها خراپی دۆخی ئابوری و کەمدەرامەتی لە نێوان کۆمەڵگە خانەخوێیەکان دا باون و بەرچاون، هەبوونی کێبڕکێ زۆر بۆ خستنەسەرکار ڕەنگە ببێتە سەرچاوەی دروستبوونی گرژییە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر بارودۆخی ئابووری زیاتر تێکبچێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، تێکچوونی ژینگە و ئەو زەحمەتی و ئاڵنگاریانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواو دروستدەبن ڕێگری لە داچاندن و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کردووە و زیانی بە کار و کاسبی بژێوی گوندنشینەکان گەیاندووە، بەڵگەی ئەمەش کەمبوونەوەیەکی بەرچاوی ئیش و کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان، ئاژەڵدارییەکان و ماسیگرتنە کە بەهۆی کەمی ئاوی و سوێربوونی ئاووەوە (IOM, 2023c).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاستەنگە فرەلایەن و هەمەجۆرانە، پێویستە ڕاسپاردەکان بۆ عێراق هەردوو ستراتیژی کورتخایەن و درێژخایەن بخەنە بەر باس. لە کورتخایەندا، زۆر گرنگە هەوڵەکان جەخت لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ناسەقامگیری ناوچەیی لەسەر بوژانەوەی کەرتی تایبەت لەو ناوچانەی کە بەهۆی شەڕ و ململانێی ڕابردوو و خەڵکەکەی تووشی ئاوارەبوون هاتوو، هەروەها تێکچوونی ژینگەوە کاریگەرییان لەسەر بووە، بکرێتەوە. پێویستە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و حکومەت دڵنیایی بدەن لە هەبوونی پاڵپشتییەکی گونجاو و بەردەوام بۆ ڕێگریکردن لە پاشکشە ئابوورییەکان کە ڕەنگە گرژی کۆمەڵایەتی دروست بکەن و ڕێگری لە پێشکەوتنی زیاتر بکەن بەرەو گەیشتن چارەسەرە هەمیشەییەکانی ئاوارەکان. سەبارەت بە لایەنی درێژخایەن و دوورمەودا، پێویستە عێراق سەرنجی لەسەر هەمەچەشنکردنی ئابوورییەکەی بێت بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە نەوت و باشترکردنی مەرجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی کەرتی تایبەت. هەروەها گرنگە هەوڵ و کۆششەکانی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەواو کەمکردنەوەی زیانەکانی زیاتر برەوی پێبدرێت، لەوانەش شێوازە کشتوکاڵییە جێگیرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێکچوونی ژینگە و ڕەخساندنی هەلی خستنەسەرکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کۆچکردنەی کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواو لە ناوچە شارییەکان ڕوودەدەن.

بەهێزکردنی حوکمڕانی و دروستکردنی دەزگا و دامەزراوەی بەهێز زۆر گرنگە بۆ بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەردەوام و دەستەبەرکردن و مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی ئابوری سەقامگیر. پاڵپشتیکردنی فراوانکردنی کار و بزنس و کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان و بەشداریکردن و ڕۆڵیان لە ئابوری عێراقدا کاریگەرە لە هەمەچەشنکردنی ئابوری و خۆڕاگری ئابوری دا. بە لەبەرچاوگرتنی بەربەستە درێژخایەنەکان لە دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەی دارایی، ئەو بەشداریکردنانەی کە دەستڕاگەیشتن بە قەرز ئاسان دەکەن و، دەستەبەری پێدانی قەرزدەکەن و وەبەرهێنانی تایبەت بەرەوپێش دەبەن کە لەسەر کار و بزنس بچووک و مامناوەندەکانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاڵپشتیکردنی بوژانەوەی کەرتی تایبەتی عێراق (IOM, 2023g).



# سەرچاوەکان


ACLED. (n.d.). Remote Violence. Link.

ACLED. (2024). Dashboard. Link.

Adamo, N., Al-Ansari, N., Sissakian, V. K., Knutsson, S., and Laue, J. (2018). Climate change: consequences on Iraq's environment. Journal of earth sciences and geotechnical engineering, 8(3), 43-58. Link.

Alshamary, M., and Huggard, K. (2023). How Iraq is managing the Israel-Gaza crisis. Brookings Institution. Link.

Appiah-Otoo, I. (2023). Russia–Ukraine War and US oil prices. Energy Research Letters, 4(1). Link.

Barnett, M., and Walker, P. (2015). Regime change for humanitarian aid. Foreign Affairs, 94, 130. Link.

Bazzi, S., and Blattman, C. (2014). Economic shocks and conflict: Evidence from commodity prices. American Economic Journal: Macroeconomics, 6(4), 1-38. Link.

Caldara, D., and Iacoviello, M. (2022). Measuring geopolitical risk. American Economic Review, 112(4), 1194-1225. Link.

Coface. (2023). Business Risk Dashboard - Iraq. Link.

FAO. (2023). Country Briefs: Iraq. GIEWS - Global Information and Early Warning System. Link.

FRED (2024). International Monetary Fund, Breakeven Fiscal Oil Price for Iraq. Federal Reserve Bank of St. Louis. Link.

ILO, CSO, KRSO. (2022). Iraq Labor Force Survey 2021. Link.

ILO. (2023). Promoting decent work in Iraq. Link.

IMF. (2022). Iraq: Staff Concluding Statement of the 2022 Article IV Consultation Mission. Link.

IMF. (2023a). Iraq - 2022 Article IV Consultation: Press release and staff report.

IMF. (2023b). Press Release NO. 23/462: IMF Staff Concludes Staff Visit with Iraq. Link.

IMF. (2023c). Iraq. Link.

IOM. (2022). A Climate of Fragility – Household Profiling in the South of Iraq: Basra, Thi-Qar, and Missan. Displacement Tracking Matrix. Link.

IOM. (2023a). Master List – Iraq. Displacement Tracking Matrix. Link.

IOM. (2023b). Progress toward durable solutions in Iraq: Salah al din. Displacement Tracking Matrix. Link.

IOM. (2023c). Iraq – Drivers of Climate Induced Displacement: Climate Vulnerability Assessment. Displacement Tracking Matrix. Link.

IOM. (2023d). Iraq. Displacement Tracing Matrix. Link.

IOM. (2023e). Progress towards durable solutions in Iraq - A pilot project in Ninewa governorate. Displacement Tracking Matrix. Link.

IOM. (2023f). Climate-Induced Displacement in Central and Southern Iraq. Displacement Tracking Matrix. Link.

IOM. (2023g). Livelihood Policy Brief NO.6 - SMEs' loan preferences and barriers: findings among EDF-supported business. Link.

Jacobsen, G. D., Parker, D. P., and Winikoff, J. B. (2023). Are Resource Booms a Blessing or a Curse?: Evidence from People (Not Places). Journal of Human Resources, 58(2), 393-420. Link.

Lin, F., Li, X., Jia, N., Feng, F., Huang, H., Huang, J., ... and Song, X. P. (2023). The impact of Russia-Ukraine conflict on global food security. Global Food Security, 36, 100661. Link.

Martin-Shields, C. P., and Stojetz, W. (2019). Food security and conflict: Empirical challenges and future opportunities for research and policy making on food security and conflict. World development, 119, 150-164. Link.

Mikkelsen, D. (2024). Iraq surpasses 1.2B barrels in oil exports for 2023, with China and India as main buyers. Oil & Gas. Link.

Ploeg, F. V. D. (2011). Natural resources: curse or blessing?. Journal of Economic literature, 49(2), 366-420. Link.

Qureshi, M. S. (2013). Trade and thy neighbor's war. Journal of Development Economics, 105, 178-195. Link.

Ramani, S. (2022). What does Russia's war in Ukraine mean for Iraq? Middle East Institute. Link.

Sachs, J. D., and Warner, A. M. (2001). The curse of natural resources. European economic review, 45(4-6), 827-838. Link.

Su, C. W., Khan, K., Tao, R., and Nicoleta-Claudia, M. (2019). Does geopolitical risk strengthen or depress oil prices and financial liquidity? Evidence from Saudi Arabia. Energy, 187, 116003. Link.

Trading Economics. (n.d.). Crude Oil. Link.

Trading Economics. (2023). Iraq Food Inflation. Link.

UNDP. (2008). Post-Conflict Economic Recovery - Enabling Local Ingenuity. Link.

United Nations. (2024). As Israel's Aerial Bombardments Intensify, 'There Is No Safe Place in Gaza', Humanitarian Affairs Chief Warns Security Council. UN Meetings Coverage and Press Releases. Link.

Wahab, B., and Ross, D. (2023). Iraq's Power Problem (Part 2): Implications of the New Oil-for-Gas Deal with Iran. The Washington Institute for Near East Policy. Link.

WFP. (2022a). War in Ukraine drives global food crisis. Link.

WFP. (2022b). Iraq Market Monitor Report - Issue 33. Link.

World Bank. (2022a). The World Bank in Iraq. Link.

World Bank. (2022b). Iraq: Economic Diversification is Urgent to Reconcile Development Goals and Climate Ambition. Link.

World Bank. (2023a). Iraq Economic Monitor, Spring/Summer 2023-Reemerging Pressures: Iraq's Recovery at Risk (With a Special Focus on Financial Intermediation in Iraq). Link.

Yazbeck, N., Mansour, R., Salame, H., Chahine, N. B., and Hoteit, M. (2022). The Ukraine–Russia War Is Deepening Food Insecurity, Unhealthy Dietary Patterns and the Lack of Dietary Diversity in Lebanon: Prevalence, Correlates and Findings from a National Cross-Sectional Study. Nutrients, 14(17), 3504. Link.

Zhang, Q., Hu, Y., Jiao, J., and Wang, S. (2024). The impact of Russia–Ukraine war on crude oil prices: an EMC framework. Nature: Humanities and Social Sciences Communications, 11(1), 1-12. Link.

Zidane, S. (2022). Russian invasion of Ukraine has sharp impact on Iraq's economy. Al-Monitor. Link.

رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق


iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی

دیوان ٢) ناوچەی نێودەوڵەتی)،

بەغداد، عێراق

@IOMIraq


KOICA Korea International Cooperation Agency

SUOMI FINLAND

german cooperation DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT

Implemented by: KFW

USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE

Funded by the European Union


© رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ 2024

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت, یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن, بە بێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.